# شەڕی قەندیلی دوو, حسیك وەك بەشێك لە هێرشی حاجی ئۆمەران

عەلی مەحموود محەمەد

کەریم ئەحمەد سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعی عێراق و کوردستان لە بارەی شەڕی قەندیلی دووەوە دەڵێت:" ئێران و پدك لەسەر ئەوە ڕێکەوتبوون کە پێکەوە هێرش بەرنە سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران و چۆمان و باڵەك بۆ پاکردنەوەیان لە هێزەکانی عێراق ........لە گەڵ هاوڕێیانی پدك قسەیان کردبوو کە پێویستە پشتگیرییان بکەن و هێزێکی پارتی لە گەڵماندا بەشدار بن بۆ هێرش بردنە سەر بنکەکانی ینك لە پشت ئاشان و ئەمەش لەناو نەخشەی ئێران-پدك دابوو کە هێزێکی پ.م پارتی بنێرنە ناوچەی پشت ئاشان کە ڕێگا بگرن لە گەیشتنی کۆمەکی میری لە رانیەو قەڵادزێوە بۆ هێزەکانیان لە حەوزی حاجی هۆمەران و چۆمان و باڵەك لە کاتێکدا ئەگەر هێرشی ئێران و پدك بۆ سەر هێزەکانیانی عێراق لەم ناوچەیە دەست پێ بکات. هاورێیانمان لە گەڵ پدك ڕێکەوتبوون کە هێزی هاوبەش بۆ پشت ئاشان و بۆڵێ بنێرن بۆ لێدانی ینك و گێڕانەوەی ناوچەکە... منیش بە توندی بەرهەڵستیم کرد چونکە دەکەوینە ناو داوی ئێران .... ل 202 ڕێڕەوی تێکۆشان -بیرەوەرییەکانی کەریم ئەحمەد وەرگێرانی جەلال دەباغ .".

لە سەر هەمان بابەت مەسعود بارزانی دەڵێت: "بە مەبەستی کەمکردنەوەی گوشار لەسەر بەرەکانی ناوەڕاست و باشوور, ئێران بڕیاری دا بەرەیەکی نوێ لە میحوەری حاجی ئۆمەران بکاتەوە لە ژێر ناونیشانی ( وەلفەجری دوو), بۆ ئەم مەبەستەش پلانی گرتنی بەرزاییەکانی حاجی ئۆمەرانی دارشت, بە پێی پلانەکە هێزەکەیان تا گەلاڵە دادەبەزین بە مەبەستی کردنەوەی ڕێی قەسرێ بۆ ناودەشت.

سەرهەنگ شیرازی و موحسین رەزایی سەردانی خانێیان کرد, بە مەبەستی باس و گفتوگۆ لەسەر پلانەکەیان و داوای چاوپێکەوتنی منیان کرد. لەبەشێکی دیدارەکەدا داوای بەشداری پێشمەرگەیان لە هێرشەکەدا کرد, لە وەڵامدا بۆم روون کردنەوە کە پێشمەرگە ناتوانێت راستەوخۆ بەشداری لە هێرشەکەدا بکات, چونکە هێزی گەورە, ئیمکاناتی پێویست و ئەزموونی شەڕی سەربازیی گەورەمان نییە, شەڕی ئێمە شەڕی پارتیزانییە.

پێشم گوتن, ئێمە هێز دەنێرین بۆ ناوچەی ناودەشت و بەمەش ئێوە لە لایەکی بەرەی شەڕ دڵنیا دەبن و بۆ ئێمەش دەرگایەکی گەورە بەرەو ناوچەکانی رەواندز و قەڵادزێ دەکرێتەوە و ......, لە لای بەرەی رۆژئاواش, واتا لای سیدەکان, هێزمان هەیە و هەر هەرەشەو مەترسییەك لەو دوو رێیەوە بۆتان بێت, پێشمەرگە بەریان پێ دەگرێت و رووبەروویان دەبێتەوە, چونکە دیار بوو مەترسیی ئەوەیان هەبوو لە دوو لاوە هێرشیان بکرێتە سەر, بۆیە بەم وەڵامەی من زۆر خۆشحاڵ بوون.

بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی بەرەی جود قسەمان کرد, لە مەکتەبی سیاسی پارتیش کۆبوونەوە کرا, هەموویان پێیان خۆش بوو هێزی جوود بچێتە ناوچەی ناودەشت. بڕیار بوو ئەگەر یەکێتیش رێی پێگرتن, لەسەر ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە پێشمەرگەکانی حشع و حسك لە بەهاری 1983 کردبووی, تۆڵەی خۆیان لە یەکێتی بکەنەوە, کە دەیان پێشمەرگەی دیلی لێ شەهید کردبوون.

لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا کە کاك ئیدریس لە لایەن جودەوە سەرپەرشتی هێرشەکە بکات" بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد - بەرگی چوارەم 1975-1990 شۆڕشی گوڵان - ل 202, 203.

لێرەوە دەردەکەوێت ئەوەی کەریم ئەحمەد لە یاداشتەکانیدا نووسیبووی بارزانیش دواتر تەئکیدی دەکاتەوە, شەڕەکەی ناودەشت کە بە قەندیلی دوو بەناو بانگە دوو ئامانجی هەبووە, تۆڵە سەندنەوە لە ینك و پاراستنی ناوچەکانی فەجری دوو لە پەلاماری عیراقی لە خەتی رانییەوە, پێش ئوەی ئەنجام بدرێت گریمانەی ئەو ئەگەرە کراوە ببنە بەشێك لە ئۆپەراسیۆنی فەجری دوو.

هەروەها لە میانەی کۆمەڵێك چاوپێکەوتندا لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەکی حشع ی بەشداربوو لە شەڕی قەندیلی دوو, هەموو ئاماژە بەوە دەدەن بێ ئەوەی ئاگادار بن, ناڕاستەوخۆ کراونەتە بەشێك لە ئۆپەراسیۆنی فەجری دووی حاجی ئۆمەران.
بەڵام سەید کاکە هاشا لەوە دەکات شەڕی قەندیلی دوو بەشێك بوو بێت لە فەجری دووی حاجی ئۆمەران, لەم بارەیەوە بەڕێزی دەڵێت:" بەڵام لە راستیدا وا نەبوو لە پاش گرتنی حاجی ئۆمەران بە 15 رۆژ, لەسەرکردایەتی خۆمانەوە (حسك) نامەیەکیان بۆ من هێنا لە نامەکەدا نووسرابوو هێزی جوود زۆری بەڕێکەوت بۆ قەندیل و بۆ وەرگرتنەوەی بارەگاکانی خۆمان لە قڕناقاو پشت ئاشان - بیرەوەری پێشمەرگەیەك -سەید کاکە-چاپی چوارەم -2020- ل 345".
وەلێ بەوتەی مەسعود بارزانی بێت قەندیلی دوو لە کات و شوێن لە گەڵ فەجری دوودا بووە, نەك تەنها لە قۆڵی ناودەشت قەسرێوە هاوکار بوونە, بگرە لە قۆڵی سیدەکانیشەوە, وە پارتی بە تەنها دوور لە پارتەکانی دیکە هەماهەنگی لە گەڵ سوپای پاسداران کردووە, بەمەش وتەکانی سەید کاکە رەت دەکاتەوە, بارزانی دەڵێت:" پێشم گوتن" مەبەست سەرهەنگ شیرازی و موحسین رەزایی", ئێمە هێز دەنێرین بۆ ناوچەی ناودەشت و بەمەش ئێوە لە لایەکی بەرەی شەڕ دڵنیا دەبن و بۆ ئێمەش دەرگایەکی گەورە بەرەو ناوچەکانی رەواندز و قەڵادزێ دەکرێتەوە و ......, لە لای بەرەی رۆژئاواش, واتا لای سیدەکان, هێزمان هەیە و هەر هەرەشەو مەترسییەك لەو دوو رێیەوە بۆتان بێت, پێشمەرگە بەریان پێ دەگرێت و رووبەروویان دەبێتەوە, چونکە دیار بوو مەترسیی ئەوەیان هەبوو لە دوو لاوە هێرشیان بکرێتە سەر, بۆیە بەم وەڵامەی من زۆر خۆشحاڵ بوون. هەروەها پێم گوتن کە بۆ ناوچەی ناودەشت لە رووی لۆجستیکەوە زۆر دوورەو کاتێکی باشی پێویستە تا رێی قەسرێ دەکرێتەوە, بۆیە ئەگەر ئێوە لە رووی گواستنەوەی برینداڕو گەیاندنی پێویستییەکان بە هێلیکۆپتەر یارمەتیمان نەدەن, بە مانای ئەوەیە لەو بەرەیە تووشی کارەسات دەبین.
بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی بەرەی جود قسەمان کرد, لە مەکتەبی سیاسی پارتیش کۆبوونەوە کرا, هەموویان پێیان خۆش بوو هێزی جوود بچێتە ناوچەی ناودەشت. بڕیار بوو ئەگەر یەکێتیش رێی پێگرتن, لەسەر ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە پێشمەرگەکانی حشع و حسك لە بەهاری 1983 کردبووی, تۆڵەی خۆیان لە یەکێتی بکەنەوە, کە دەیان پێشمەرگەی دیلی لێ شەهید کردبوون. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا کە کاك ئیدریس لە لایەن جودەوە سەرپەرشتی هێرشەکە بکات. ل 202, 203".
لای خۆیەوە هاوڕێ عارف رانیەیی بەرپرسی رێکخستنی حیزبی شیوعی عێراقی-حشع لە ناوچەی ڕانیەو مەرگەو بتوێن و بەشداربووی قەندیلی دوو کە لەو کاتە جیهازی بێ سیمی پەیوەندی پێبووەو ئاگادری ڕوداوەکانە بووە دەڵێت: باشترە بگەڕێمەوە بۆ سیاسەتی سەرەکی حزب کە لە کۆنگرەی چوار لە شاخ بەستراو خۆشم ئەندامی کۆنگرە بووم، سیاسەتی حزب دژی شەڕ بوو داوای وەستانی دەکردو کۆتایی هێنانیش بە رژێمی فاشستی عێراق دروشمی بوو. بۆیە حزب لە هیچ جێگەیەك لەگەڵ ئێران بەشداری شەڕی نەکردووە. بۆ شەڕی پشتاشانی دوو من لەگەڵ بووم و ئاگاداری ڕوداوەکان بووم. پارتی ٥بۆ٦ پاسداری لەگەڵدا بوو جلی کوردییان لەبەرکردبوون کاتێك شیوعییەکان زانیان پاسدارن ملازم خدر هەڕەشەی لە حەسۆ میرخان و حاجی حاجی کرد کە ئەگەر نەیانگێڕنەوە ئێمە هێزەکەمان دەگێڕینەوەو پاشەکشێ دەکەین، دوای ئەو هەڕەشەیە پاسدارەکانیان گەڕاندنەوە لەوێ نەیانهێشتن! قەندیلی دوو بەشێك نەبوو لە فەجری دوو بەڵکو بۆ تۆڵە کردنەوەی قەتڵ و عامی پشتاشانی یەك بوو, بەڵام لەدوای گرتنی بەرزاییەکانی بەینی ئیندزێ و قڕناقاو پشتاشان بۆڵێ و کوشتنی حەسۆ ژاژۆکی و چل کەسی دی لەگەڵیدا لەدوای شەڕێکی قورس و شەهید بونی چەندان هاوڕێی ترو هەڵاتنی پارتی ئێمەش بەشەڕ پاشەکشەمان کردو شکاین و ئاودیوی ئێران بوینەوە.
ئێمە ئاگادار نەبوین و لەڕادیۆ گوێمان لێ بوو، ئەو شەڕەگ فەجری دوو" کاك ئیدریس بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی سەرپەرشتی دەکراو کەسی ئێمە نە لە لیژنەی سەرپەرشتیاری شەڕەکە بوەو نە بڕواشمان بەشەڕی عێراق ئێران بووە تا بەشدار بین.

پارتی ئیمەی نەبردبوو بۆ شەڕەکە, بەڵکە ڕێککەوتنێك بوو لە نێوان پارتی و شیوعی و حسك بۆ ئەو ناوچانەی پێشتر هێزی ئیمەو حسکی لیبو کەمێکیش پارتی, بۆ تۆڵە کردنەوەو هێرش بەرەو ناوچەکانی تری وەرتێ و شوێنەکانی تر, بەڵام کێشەکە ئەوەبوو پارتی بەسەر کردایەتی ئیدریس بارزانی نەخشەی گرتنی حاجی ئۆمەرانی لە گەڵ ئیرانییەکان دانابوو هاتنی ئیمە بۆ پشتاشان و ئیندزی و بۆلێ و قەڵاتوکان یەك تەوقیت بوو هەر ئەوەش وای کرد بڵێن یەك نەخشە بووە لە گەڵ ئەوەی حاجی ئۆمەران.
قەندیلی دو هیچ پەیوەندییەکی بە فەجری دوەوە نەبوو کە ئیدریس بارزانی لە گەڵ ئێرانییەکان نەخشەی گرتنی حاجی ئۆمەرانیان دانا بوو، نە ئیمە نە حسك هیچ ئاگادارییەکمان نەبوو! بۆ پشتئاشانی دوو لە شیوعی ملازم خدر لە پارتی حەسۆ میرخانی بادینان لە حسك حاجی حاجی برایم سەرکردایەتی پشتاشانی دووەمیان دەکرد".
بە پێچەوانەی وتەکانی کاك عارف ڕانیەیی, بارزانی راشکاوانە باسی ئەوە دەکات, دڵنەواییمان دایە ئێرانییەکان لە قۆڵی دەشتێوو سیدەکان دەیان پارێزین, کەواتە لە دەرەوەی ئەوان سەفقەکە کراوە, لە ئەسڵدا قەندیلی دوو وەك ساغکردنەوە بەشێك بووە لە فەجری دوو, یان لکێکی فەجری دوو بووە.
بەڵام پێشمەرگەیەکی دیکەی حشع بە ناوی رزگار عەبدولا ئیبراهیم نازناوی دکتۆر ڕەنجبەری لە پێشمەرگایەتی هەڵگرتبوو, بەشداری قەندیلی دووی نەکردووەو شەڕەکەی رەتکردۆتەوە, گوایە زۆر پێشمەرگەی دیکەی کورد و عەرەبی حشع باوەڕیان بە تۆڵەکردنەوە وەك دیاردەی عەقڵی عەشایەری نەبووەو بەشدار نەبوونە, هەرچەندە ئەوەی لە پشت ئاشان کراوە تاوانی مەزن بووە تا ئاستی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.
ناوبراو لە کاتی فەجری دوو لە ناوچەی رۆستێ بووەو پێی وایە قەندیلی دوو بەشێك بوو لە هێرشی حاجی ئۆمەران و دەوری مانگێکیش دوا خراوە بە هۆکاری نا دیار و چەك تەقەمەنیش بۆ شەڕەکە ئێران دابینی کردووە بۆیان.
دکتۆر رەنجبەر پێی وایە هەموو لقی دووی پارتی بەشدار بووە لە ئۆپەراسیۆنی فەجری دوو چونکە شارەزای ناوچەکە بوون لەگەل هێزێکی سەر بە ئیدریس بارزانی ڕەنگە ٣٠٠ پێشمەرگە بووبن.
بەشداری پارتی زیاتر چاو ساغی بوو، بەلام لە چەند ئامانجێکی بچوکیشان دا، وەك کەمینەکەی زەروان و حسن بەگ کە چەند سەیارەیەك کرانە ئامانج, ئەم دوو کەمینە لە چوارچێوەی شەڕی حاجی ئۆمەران بووە. ناوبراو دەڵێت لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکە پاسدارم بینیوە لەگەل عەوللا رەشی روستایی و نایفی فارس باوە کە حسیك بووە و ئەفسەری رەسەدی ئێرانیشم بینی لە بەردە بووك لەگەل ملازم بابکر.
دکتۆر رەنجبەر پێی وایە حسیك راستەوخۆ بەشداری شەڕی حاجی ئۆمەرانی کردووە, جگە لە بەشداری قەندیلی دوو, ئەرکی حسیك تەقاندنەوەی پردی بەرسینی بووە, بەلام ئەحمەدی فەقێ رەش رێگر بووە لە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکەیان و شکستی پێ هێناوە, دوای ئەو محاوەلەیە رۆژی دواتر هەموو دۆلی ڕوست کەوتە بەر بەردومانی چڕی عیراق.
سەرکردایەتی هێرشی پشت ئاشانی دوو, ئیدریس باڕزانی و ملازم بابکڕ لە پاڕتی، ابوعاید و ابو حکم لە شیوعی؛ سید کاکە و حاجی حاجی برایم لە سۆسیالیست بوون ، سید کاکە رەنگە ئەو کاتە لەوێ بووبێ ، بەڵام خۆ ناوچەی قەندیلی دوو و حاجی ئۆمەران هەندە لێك دوور نینە چونکە بنکەی سەرکردایەتی شەڕەکان لە گوندی سێلوێی نزیك خانە بوو ، پارتی و سۆسیالیست چەکێکی زۆریان جنگ کەوت و فرۆشت، رەنگە کاکەمین نەجار زیاتڕ شارەزایی هەبێ چونکە ئەوە کاری بژێوی بوو.
دکتۆر رەنجبەر دەڵێت لە ئەنجامی پەلامارەکەی فەجری دوو خەلکی ناوچە کەوتنە ژێر بۆردومان وە گوندەکانی" گویزان، داروسەلام، شێرکاوە، گویزلەنگە، دێگێ، چۆمبالووك، چۆمانی سمایلە ئاغای، بێشێ، پیر وسوان" راگوێزان چۆلکران بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی ئامێدی ، هەموو دۆلێ چۆمانیش بە هەر هەموو گوندەکانی راگوێزران.

دکتۆر ڕەنجبەر پێ وایە حیزبی شیوعی جگە لە بەشداریکردنی لە قەندیلی دوو، کە ناڕاستوخۆ بەشێك بوو لە فەجری دوو هاوکات چاوو پۆشی لە هێنانی پاسدار کرد و دژیایەتی نەکرد، چەك و تەقەمەنی بۆ دابین کرا لەوانە تۆپی ب ١٠، بریندارەکانی لە ڕەزاییە وەك بەشدار بووی شەر چارەسەر کران کانەبی گەورە وەك نموونە، بنکەیەکی لە زێوە کرایەوە، بارەگای سەرکردایەتی کیلۆمترێك دوور نە بوو لە سوپا و ئەرتەش لە لۆلان، هەموو ئەندامانی گۆنگرەی چوار لە ئێرانەوە هاتن، هەموو ئازووقەو پێداویستی لە شنۆوە بۆ دابین دەکرا..... .
نارشەزایەتی دژی هێنانی پاسدار هەبوو لەناو سۆسیالیست و شیوعی ،،، نا راستەوخۆ لەناو پارتیش هەبوو ،، لقی یەکی بادینان کەمتر بەشدار بوون.
دکتۆر ڕەنجبەر دەڵێت: دوای ئۆپەراسیۆنەکە لە ڕوست کەوتینە بەر هێرشی جاش رۆژانە, وە دابین کردنی ئەرزاقیش سەخت بوو، ئەو گوندانەش نەمان کە سەرچاوەی ژیانمان بوون، بۆیە گواستمانەوە بۆ گۆندی گۆربەنانی دەڤەری سیدەکان نزیك گوندی لێلکان، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شوێن گرەوەمان بوون لە دۆلی ڕوستێ.
دکتۆر ڕەنجبەر پێی وایە عزەت بەگ مەسعود بارزانی ئاگادار کردبووەوە لە کارەساتی پەلاماری هاوبەش, پێی وایە لەوەی کە حشودی ئێرانی هەبووە لە بەری ئێران، دەڵێت لە مشیر گوانیم بیست کە سەرپەرشتیاری هێزەکەی پارتی بوو, کە عزت بەگ چاوی بە مەسعود کەووتوە و جانتایەکیشی تەسلیم کردووە، ئەو زۆر کەیف خۆش بوو وای دەزانی پێك هاتوون.
هەرچەندە وەك خوێندمانەوە مەسعود بارزانی گرنتی دابووە ئێرانیەکان لە دوو بەرەی قەسرێ و سیدەکان ئێرانییەکان لە پەلاماری سوپای عێراق بپارێزێت گوایە هێزیان لەو ناوچانە هەبووە, وەلێ دکتۆر ڕەنجدەر قەوارەی هێزەکەی پارتی لەبەری سیدەکان ئاوا دەستنیشان دەکات"پارتی کەوی بوارێ بوون، لەگەل ڕەشبوونەوە بەفر پەیدا دەبوون لەگەل پایز بزر دەبوون ، لە دولێ ڕوست سێ هیز هەبوون، ئێمە"شیوعی" و هەرێمی نۆی سوسیالیست، کەرتی گەلالەی تیپی سورانی یەکیەتی، لە دەڤەری سیدەکان دوو مەفرەزەی پارتی لێ بوو حاجی فایق کە هەر دە پێشمەرگەیەك دەبوون و ئەحمەد مامند کە ئەوانیش دەوری ١٥ پێشمەرگە بوون، لەدەشتی بەرازگر لە گوندی حەیات لە سنوری مێرگەسۆر قوەتێکی پارتی لێبوو بەناوی قوەتی بارزان، ئێمەش بیست کەسێکمان لە گەلی گۆستە هەبوو، پەکەکە بارەگایەکیان هەبوو لە گوندی مالە مەلایان لە نزیك لۆلان و ٢٥ گەریلاش میوانی ئێمە بوون لە ڕوست بە دایمی، قوەتەکەی پارتی لە هاوین زیادی دەکرد".
بە پێی دیاریکردنەکەی دکتۆر ڕەنجدەر بێت هێزەکەی پارتی لە ئاستی بەرەو ڕووبونەوەی هێرشی سوپای عێراقی نەبووە ئەگەر هێرشی بکردبایا.

حسیك وەك بەشێك لە پەلاماری حاجی ئۆمەران

هێزەکەی حیزبی سۆسیالستی یەکگرتووی کوردستان لە ناوچەی رۆستێ لەکاتی ئۆپەراسیۆنی فەجری دوودا ئەرکدار کرابوون بە تەقاندنەوەی پردی بەرسێنی, بۆ ئەم مەبەستە گروپێك پاسداریان لە گەڵدا بووە, وێڕای ئەوانەی لە گەڵ نایفی فارس باوە بوون. بۆ ئەوەی خەڵك نەزانێت ئەمانە پاسدار بوونە خالە سەید کاکە بە پێشمەرگەکانی وتووە بە خەڵك بڵێن ئەمانە پێشمەرگەی هەورامانین, کوردیەکەیان باش نییە, نازانم خارە سەید ئەم یاداوەرییە خۆشەی لە یاداوەرییەکانی بۆ یاداشت نەکردووە.
دوو رۆژ حسیك هەوڵیان داوە پردەکەی بەرسێنی بە تی ئێن تی بتەقێننەوە, وەلێ نەیانتوانیوە, چونکە ڕەبایە لەسەر پردەکە هەبووە, تەقە کراو بی کەی سییش لە پاسدارەکان شاردرایەوە, پردیش نەتەقینرایەوە, ئەو چەکانەی دیکە کە لە ئێران وەرگیرابووون وەك بەخشیشی بەشداری لە فەجری دوو دواتر هەموو لێیان سەنرایەوە, خارە سەید لەمە تورە بووە.

هاوڕێ بەڵێن و شەهید سەلاح " سەلاحەدین محەمەد سمایل ناسراو بە مامۆستا سەلاح , ساڵی 1957 لە گوندی ئیلنجاخی گەورەی ناوچەی تەق تەق لە دایك بووە, لە ڕێکەوتی 22-8-1983 لە شەڕ لە گەڵ ینك لە گوندی ئیندزێی بناری قەندیل شەهید کراوە, یەکەم سکرتێری خوێندکاران و لاوانی سۆسیالست بووە" دەگەنە پێشمەرگەکان کە ئەرکداری تەقاندنەوەی پردەکە بوونە پێیان دەڵێن پردەکە نەتەقێننەوە, نەکەن خراپە, پێشتریش باسی ڕۆڵی نەیاری ئەحمەد فەقێ ڕەشمان کرد لە نەیار بوونی لە تەقاندنەوەی هەمان پرد.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت حیزبی سۆسیالستیش لەناو پڕۆژەی شەڕی حاجی ئۆمەراندا بووە, وەك لە گرتنی شاری هەڵەبجە, بەڵام هەموو کات شکست هەتیووە بردنەوەش بابی زۆرە, بۆیە شەڕ نییە لەسەر بەشداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی حاجی ئۆمەران بەهۆی جینۆسایدکردنی بارزانییە خۆشەویستەکانمانەوە, وە وێران بوونی پانتاییەکی جوگرافی بەرفراوانی ناوچەکە, وەلێ وەك شەریکە بەشی شکست پێویستە دیارییکرێت حسیك بەشێك بووە ڕاستەوخۆ لە ئۆپەراسیۆنەکە.

009647503714620